بابەت :حوکمی مادده هۆشبەرەکان لە شەریعەتی ئیسلامی.

ژمارەی فەتوا : ٢٠١٧/١٣

بەروار : ٢٨/محرم/١٤٣٩ ك _ ٢٠١٧/١٠/١٨ ز .

بابەت کردن : بابەتەکانی سەردەم

جۆری فەتوا : لێکۆڵینەوە

فەتوادەر : لیژنەی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
لیژنەی بالای فتوا
اللجنة العليا للإفتاء
اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان

(( حوکمی مادده هۆشبەرەکان لە شەریعەتی ئیسلامی ))

خوای گەورە دەفەرموێ ﴿ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ .... فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴾ النحل : ٤٣

سوپاس و ستایش بۆ خودای جیهانیان،درود وسڵاو لە بەرێزترین پێغەمبەر و لەسەر خانەوادەی و یارانی و پەیڕەوانی ئەو بەچاکە تا رۆژی قیامەت .

لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان پاش گفتوگۆ و تێڕوانین لەو بابەتەی کە لەلایەن وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئاینی بە نوسراویان ژمارە ١٨٦ لە ٩/ ١٠/ ٢٠١٧ ئاراستەی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستانیان کرد بوو سەبارەت بە دیار کردنی حوکمی شەرعی مادە هۆشبەرەکان لە شەریعەتی ئیسلامی.

بۆیە لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی رۆژی چوارشەممە ٢٠١٧/١٠/١٨ و دوایی تێرامان لە بەڵگە شەرعی و مەبەستە شەرعییەکان و پاریزگاری کردن لە بەرژەوەندی تاك و کۆمەڵگا رایدەگەێنێت کە:(( تێکڕای مادده هۆشبەرەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە کەم و زۆری حەرامە و لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە لە چوارچێوەی قەدەغە لێکراوەکاندایە بە پێی زۆرێك لە بەڵگە شەرعییەکان))بە تایبەت:

یەکەم: فەرمودەی ئوم و سەلەمە( ر.خ) کە ڕیوایەتی کردووە کە خۆشەویست(د.خ) نەهی کردووە لە هەموو شتێك کە ببێتە سەرخۆشکردن و گێژکردن وسست ولاوازکردن:﴿ نهى رسول الله – صلى الله عليه وسلم– عن كل مسكر و مفتر"،( رواه أبو داود في سننه (٥/ ٥٢٩) برقم(٣٦٨٦)، و أحمد في سننه (٤٤/ ٢٤٦) برقم(٢٦٦٣٤) والبيهقي في السنن الكبرى (٨/ ٥١٥) برقم (١٧٣٩٩) قال الحافظ ابن حجر في "الفتح" ١٠/ ٤٤! حسنٌ إسناده، ونقلاً للمناوي في "فيض القدير" ٦/ ٣٣٨ عن الحافظ العراقي أنّه صحح إسناده﴾ زانایان فەرمویانە:بە پێی ئەم فەرمودە هەر شتێك ببێتە هۆکار بۆ لاچون و خراپ بونی عەقڵ وهۆش یان هەستیارەکـــان

یان سستکردنیان یان لاواز بوونی جومگە و ئەندامەکانی لەش حەرامە و پێویستە موسڵمانان خۆیانی لێ بپارێزن، بۆیە هەموو جۆرە ماددەیەکی سەر خۆشبەر یان بێهۆشکەر یان لاوازکەر یان بێ سسکەر یان بەنجکەر حەرامە و قەدەغە یە، تەنها بۆ کاتی زۆر پێویست دروستە پزیشك بە پێی پێویست و لە کاتی پێویست ڕاژەی بەنجەکە دیاری دەکات.

دووەم: مادده هۆشبەرەکان مەترسی گەورە دەخەنە سەر هەر پێنج مەبەستە شەرعییەکەی ئیسلام و تەواوی شەریعەتەکانی ئاسمان، ئەو پێنج مەبەستەی کە واجیبە موسڵمانان پارێزگارییان لێ بکەن کە بریتین لە( ئایین ، نەفس ، عەقڵ ، شەرەف ، وەچە ، ماڵ ) بێگومان مادده هۆشبەرەکانیش زۆرێك لەو مەبەستە شەرعییانە لەناوی دەبەن.

سێیەم: مادده هۆشبەرەکان زیان بەخشن ڕاستەوخۆ بە تاك و کۆمەڵگا، لە شەریعەتی ئیسلامیشدا هەر شتێك زیان بەخش بوو ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ حەرامە و قەدەغەکراوە.

بۆیە لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان داوا دەکات لە موسڵمانان بە تایبەت و کۆمەڵگای کوردستان بە گشتی کە بە هیچ شێوەیەك توخنی مادده سەرخۆشکەر یان هۆشبەرەکان نەکەون چونکە حەرامن بە پێی بەڵگەکانی قورئان و سوننەت و ڕای تەواوی زانایانی ئیسلام، هەروەها داوا دەکەین لە لایەنە پەیوەندارەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە :

١- دام و دەزگا پەروەردەیی و رۆشنبیریەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری بەردەوام بکەن بۆ بلاوکردنەوەی ڕۆشنبیری گشتی و تایبەت لە مەترسیەکانی مادده هۆشبەرەکان، و ئاشکرا کردنی زیان و زەرەرەکانی.

٢- سنوورەکانی هەرێمی کوردستان توند و تۆڵ بکرێن لە پێناو ڕێگە گرتن لە هاوردەکردن و مامەڵە پێکردنی.

٣-سزای توند و شایستە بگرنە بەر بەرانبەر هەر تاك و دەستەیەك کە مامەڵە بە مادده هۆشبەرەکان دەکات یا خود مادده هۆشبەرەکان بە کار دەهێنێت.

٤- چاودێری توند دابنێن لە سەر دەرمانخانەکان.

٥-خولی چاکسازی بکەنەوە بۆ توشبووان و ئاڵودەبوان وە لەجێگەی تایبەت ڕێنومایی بکرێن.

تێکڕای ئەمانە لە پێناو پارێزگاری کردن لە تەندروستی تاك و کۆمەڵگای کوردەواری و نزیك نەکەوتنەوە لە حەرامکراوەکان کە تێکڕایان مرۆڤ توشی سەر گەردانی دونیا و قیامەت دەکات.

**لیژنەی باڵای فەتوا**

**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**

**هەولێر: ٢٨ / محرم ١٤٣٩ کۆچی**

**١٨ / تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ زاینی**



ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٦٠مەتری - بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان
العنوان : إقليم كوردستان - اربيل - الشارع الستيني - مقابل البرلمان
www.zanayan.org